# گەل رۆژی

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (198) یەکشەممە 2007/11/18


## تۆنی بلێر سەبارەت بە عێراق دان بە هەڵەکان دەنێ

رۆژنامەی **تایمزی** بەریتانی لە ژمارەی دوێنێی خۆیدا لە زاری تۆنی بلێر سەرۆکوەزیرانی پێشوو رایگەیاندووە کە ناوبراو گوێی لە خواستە ئاشتیخوازەکان نەگرتووەو نەیویستووە کە پێداگری لە چارەسەری دیبلۆماسیانەی کێشەی عێراق- ئەمریکا بکات، سوودی لە پێگەی هاوپەیمانێتی نزیکی خۆی وەرنەگرتووە تا جۆرج دەبلیو بووش رازی بکات بەشەڕ کێشەکە یەکلایی نەکاتەوە.

رۆژنامەکە ئاشکری کردووە کە شەش مانگ پێش هەڵگیرسانی شەڕ تۆنی بلێر ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام راستی هەواڵەکەی شاردۆتەوە، ئامانج لە پڕۆژەکەش ئەوەبووە کە پێگەی ئاگادار بۆ رێگری لە چالاکیەکانی ئێران و کردەوەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە دابنرێ.

بەگوێرەی رۆژنامەکە ئێستا تۆنی بلێر لە ناخەوە دان بە هەڵەکانی دەنێ، بەڵام کات بەسەرچووەو بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.


لا 3 کۆنفرانسی سمایل ئاغای شکاک لە زانکۆی ئۆسلۆ بەڕێوەدەچی

لا 4 کوردستانیان رای خۆیان سەبارەت بە پرۆژەی پەمەیی دەردەبڕن

لا 5 لەشکرکێشی تورکیا و هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی کورد لە عێراق

لا 6 ساردبوونی سێکس لە ئافرەتدا


# تورکیا لە شاندی پارتە سیاسیەکان دەخوازێ گەریلای رادەست بکەن!

سەرچاوەکان ئاشکرایان کرد لەو سەردانەی شاندی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان بۆ ئەستەنبوڵ کە دیداریان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی تورکیا، راوێژکاری تەیب رەجەب ئەردۆگان و بەرپرسانی پارتی دادو گەشەپێدان کردبوو، هەرچەندە بە فەرمی پێشوازیان لێکرابوو، بەڵام داوایان لێکرابوو کە دەبێ بەکردەوە هاوکاری خۆیان لەگەڵ تورکیا پێشان بدەن، پێیانراگەیاندبوون کە ئەگەر ئێوە نیازتان پاکە فەرموو ئەو گەریلا بریندارانەمان رادەست بکەن کە لە نەخۆشخانەی هەولێرو سلێمانی تیمار دەکرێن.

شاندی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان کە لە 5 پارتە بەشداربووەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، بەمەبەستی هێورکردنەوەی رەوشەکەو پێشاندانی دەستی دۆستایەتی و دروستکردنی پێوەندی باش لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە هەفتەی رابردوودا سەردانی تورکیایان کردبوو، لەگەڵ **ئەحمەد داودئۆغلۆ** راوێژکاری سەرۆکوەزیرانی تورکیا کۆببوونەوە، هەروەها چاویان بە **ئۆگوز چەلیکول** بەرپرسی پەیوەندیەکانی تورکیا- عیراق ، **ئێگەمەن باگیش** بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارتی دادوگەشەپێدان کەوتبوو، لەو دیدارانە زۆر راشکاوانە پێیانگوترابوو بەر لەهەموو دیالۆک و دانوستاندنێک دەبێ ئەو گەریلا بریندارانەی کە لە نەخۆشخانەکانی هەولێرو سلێمانی دەرمان دەکرێن، رادەستی تورکیا بکرێنەوە، تورکەکان گوتویانە : **ئێربیللدە، سولەیمانیەدە، خەستانەدە یاتان پەکەکەلاردان بیرکاچن تەسلیم ئێدن، دیالۆکدان ئونجە ئەیلەم گەرەکیر**"

جێگەی ئاماژەیە کە سەرۆکایەتی هەرێم دەیویست سەردانی شاندەکە لەچاوی کامێراکان بشاردرێتەوە، بەڵام میدیاکانی تورکیا دەستپێشخەریان کرد و ناوی ئەندامانی شاندەکە و دیدارەکانیان بڵاوکردەوە، بۆیە لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە فڕگەی هەولێردا شاندەکە بە رۆژنامەوانیان راگەیاند کە هەرچەندە ئێمە وەک شاندی کوردستان سەردانی تورکیامان کردووەو پێشوازیمان لێکراوە، بەڵام سەردانەکە ئەنجامی باشی نەبووە، بۆ هێورکردنەوەی رەوشەکە کاتێکی زیاتری دەوێ.

سەرچاوەکانی هەواڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەرپرسانی تورکیا ئەو شاندەیان بە گرنگ نەزانیوەو داوایان لێکردوون کە ئەگەر جارێکی دیکە هاتنەوە با کەسانی پایە بەرزتر لە شاندەکەدا بن.

## کورد واز لە پارتەکەی دەنیز بایکاڵ دێنن

هەواڵەکان: رۆژی پێنج شەممەی رابردوو **ئەشرەف ئەردەم** جێگری سەرۆکی پارتی کۆماری گەلی تورکیا دەستی لەکار کێشایەوە.

ئەشرەف بۆخۆی کوردەو لە شاری ئەنکارا دادەنیشێ، ماوەیەک لەمەوبەر لە پەرلەمانی تورکیادا دەنگی بۆ لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان نەدابوو، بەمەش دووچاری رەخنەو گلەیی ببۆوە، گوشاری خرابووەسەر، بەوهۆیەوە رۆژی 2007-11-15 وازهێنانی خۆی لە پارتەکە راگەیاندو دەستی لە پۆستە حزبیەکان هەڵگرت.

ئەشرەف ئاشکرای کردووە کە ئێستا پلانێکی ژێراوژێر لە ئارادایە تا کوردە ئەندامەکانی ناو ئەو پارتە دووربخرێنەوە، خودی سەرۆکی پارت دەنیز بایکال لە پشت سیناریۆکە راوەستاوە، بۆیە بواری کارکردنی کوردان لەو پارتەدا نەماوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکان جەخت دەکەنەوە کە عەلەویەکانیش خۆیان لەو پارتە دەکێشنەوە، گومانی ئەوە دەکرێ کە ئەشرەف و لایەنگرانی لەنێو پەرلەمانی تورکیادا فراکسیۆنێک دروست بکەن، بەمەش تەنگژەیەکی رامیاری دیکە لە نێو پەرلەمان دا سەر هەڵدەدات.



هەرچەندە کە سەردۆزگەری گشتی تورکیا داوای داخستن و قەدەغەکردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTPی کردووە کە گەورەترین پارتی باکوری کوردستانەو بیست نوێنەری لە پەرلەمانی تورکیادا هەیە، بەڵام وازهێنانی ئەشرەف ئەردەم و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردی لەنێو پەرلەمانی تورکیا لەسەر شێوەی فراکسیۆنی کوردی ناو ئەنجوومەنی شوارای ئیسلامی ئێران گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر پێکهاتەی پەرلەمان دێنێ، لەوانەیە کە هەندێک لە ئەندامە کوردەکانی ناو پارتی دادو گەشەپێدانیش هاوکاریان لەگەڵ دا بکەن و لەو فراکسیۆنەدا بەشداری بکەن.

## تورکیا رەزامەندی هێرشیکی سنووردار وەردەگرێ

دوای ئەوەی پێرێ هەواڵەکان رایانگەیاند کە ژمارەیەک تانک و زرێپۆشی سوپای تورکیا لە سنووری باشووری کوردستان نزیک بوونەتەوە، دوێنێ سەرچاوەکان ئاشکرایان کرد کە حکومەتی تورکیا رەزامەندی لە ئەمریکاو عێراق وەرگرتووە تا لەشکرکێشی سنووردار بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان بکات، هێرش بکاتە سەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکە و زیانیش بە دانیشتووانی ناوچەکە نەگەیەنێ!

بەگوێرەی زانیاییەکان ئەمریکا لەبواری زانیاری سەربازی هاوکاری تورکیا دەکات، سەرەتا فڕۆکە جەنگیەکان ئامانجەکان بۆردومان دەکەن، دواتر یەکەیەکی تایبەتی تورک بە هاوکاری جاشە کوردەکان دەست بە هێرش دەکەن.

هەر بەگوێرەی زانیاریەکان حکومەتی هەرێم و پارتە دەستەلاتدارەکانی باشوور بەمەرج رەزامەندی خۆیان بۆ هێرشێکی سنووردار پێشان داوە، بەڵام نایانەوێ هێزەکانی تورکیا بۆ ماوەیەکی زۆر لە باشووری کوردستان بمێننەوە.

هەرچەندە تەیب رەجەب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە راگەیاندنەکاندا ئاماژەی بەوە کردبوو کە جارێ سوپا هێرش ناکات، بەڵام بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەکەکە مەترسی لەسەر داهاتووی تورکیا دروست دەکات و کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدات، بەوهۆیەشەوە دەیەوێ پشتیوانی وڵاتان وەدەست بێنێ و رەوایەتی بە لەشکرکێشی بدات.

## بیست رێکخراوی کوردی نامە بۆ پاپا دەنێرن

رۆژی 2007-11-16 بیست رێکخراوی کوردی دەرەوەی وڵات نامەیەکیان بۆ پاپای فاتیکان ناردووە، سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەو بۆ جێگیرکردنی ئاشتی لەسەرانسەری جیهان، هاوکاری و پشتیوانیکردنی لە دۆزی رەوای گەلی کوردستان سوپاسیان کردووەو داوایان لێکردووە کە دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێنێ تاوەک بە نوێنەرایەتی کوردان سەردانی بکەن.

لە نامەکەدا هاتووە: پاپای بەڕێز، ئێمە لەم رێگەیەوە سوپاسنامەی خۆمان پێشکەش بە جەنابتان دەکەین، چونکە هەڵوێستی بەڕێزتان لەهەمبەر دۆزی گەلی کورد جێگەی شانازیە.

بەڕێزتان دەزانن کە کورد نەتەوەیەکی دێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە، هەروەها ئێمە نەتەوەیەکی زولم لێکراوو ئاشتیخوازیشین، مێژوو گەواهی دەدات کە نەتەوەی کورد هەمیشە خواستوویەتی بە ئاشتی و ئارامی لەگەڵ دراوسێکانی و گەلانی جیهاندا بژی.

رێکخراوەکان لەنامەکەیاندا ئاماژەیان بە زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد و ئەو ستەمە کردووە کە فەرمانڕەوایانی داگیرکەر دژ بە کورد بەڕێوەیان بردووە، بەوهۆیەشەوە سەدان هەزار کورد پەڕاگەندەی وڵاتانی ئەوروپا بوونە. هەروەها لە نامەکەیاندا ئاماژە بەوە کراوە کە ماوەی پازدە ساڵە پارچەیەک لە نیشتمانەکەمان ئازادە و گەلەکەمان لە باشووری کوردستان خاوەن چارەنووسی خۆیەتی، لەلایەن ناوەندەکانی رای گشتی و وڵاتانیشەوە پەسند دەکرێ، بەڵام دەوڵەتی تورکیا شەڕی پێدەفرۆشێ، دەیەوێ لەشکرکێشی بۆ ناو خاکەکەی بکات. بەوهۆیەشەوە داوا لە پاپا کراوە کە شیان و گوشاری خۆی بەکاربێنێ و تا کێشەی کورد بە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ.

رێکخراوەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پرسی کورد پرسێکی نێونەتەوەییە، ئەگەر بە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندن چارەسەر نەکرێ، ئاشتی و ئارامی راستین لە رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان وەدی نایەت، لەم بەستێنەشدا پەیامی ئاشتیخوازنەی پاپایان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد بە گرنگ داناوەو سوپاسیان کردووەو لێیان خواستووە کە بەردەوام پشتیوانی لە هەوڵە ئاشتیخوازەکانی کورد بکات.

## UN لە رەوشی ئاوارەی عێراق نیگەرانە

**ئەریکا فیلەر** جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەم دواییانەدا سەردانی سوریای کردووەو لەنزیکەوە لە رەوشی پەنابەرە عێراقیەکانی کۆڵیوەتەوە، نیگەرانی خۆی لە رەوشی ئاوارە عێراقیەکان پێشانداو رایگەیاند کە نزیکەی یەک ملیۆن و نیو ئاوارەی عێراقی لەو وڵاتەدا دەژین، لە بارێکی بژێوی یەکجار خراپ دا دەژین، لەو بارەیەوە هۆشداری داوەو نیگەرانی خۆی سەبارەت بە دیاردەی زەواجی هەفتەیی پێشان داوەو کەلەبەرانبەر کەمێک پارەدا ئەنجام دەدرێ، ئەمەی بە کارەساتێکی ترسناک داناو بە لەشفرۆشی ئاشکرای لێکدایەوە.

ئەریکا داخباری خۆی پێشانداوە کە لەشفرۆشی لەپێناو پارووی ژیان لەنێوان پەنابەراندا برەوی سەندووە، خواستوویەتی بە پەلە لەم مەینەتە رزگار بکرێن.

## رۆژەڤ

ئەو کاتەی بۆ بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی پارێزگای کەرکوک دیاریکرابوو، بەسەرچوو، لەکاتێکدا لەوەتەی دەستووری هەمیشەیی عێراق گەڵاڵەکراوەو لەژێر داخوازی سەرکردایەتی زۆرینەی کوردستانیان دەنگیان پێداوە، هەمیشە بەڵێن و مژدەکان لە ماددەی 140 و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دا چڕکراونەتەوە. بەدرێژای ئەو ماوەیەش سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێداگری لەسەر کردوەو ئامادەنەبووە یەک چرکەیش دوابخرێ!! بەڵام کات گرەوی خۆی بردەوە، عەرەب و بەرەی تورکمانی قسەی خۆیان گەیاندە سەر، ماددەی 140 لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەگیرایەوە، نە ئاوارەو دەرکراوان بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە، نە هاوردەکانیش بۆ ئەو شوێنانەی لێیانەوە هاتبوون، گێڕدرانەوە، نە رەوشی پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان ئاسایی کرانەوە، نە سەرژمێری گشتیش ئەنجام درا، نە ریفراندۆمیش بەڕێوەچوو، ئەی باشە لەمەوبەدوا چاوەڕێی چی دەکرێ و لەسایەی کامە گۆدۆدا بمێنیەوە!

ئێمە هەر لەم گۆشەیەدا چەندین جار نووسیومانەو دووپاتمان کردۆتەوە کە بەرانبەرەکانمان تەپکەیان ناوەتەوە، نابێ کورد ئاسوودە لێی پاڵ بداتەوە، ماددەی 140 خاپاندنێکی مۆدێرنە، دەبێ هۆشیارانە رەفتاری لەگەڵ دا بکرێ، لە دەستپێکدا دەبێ بە کردەوە ناو ماڵی کوردەواری رێکبخرێتەوە، یەکڕیزی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان لە واری کرداریدا پێشان بدرێن، بەڵام مخابن نەک هەر ئەو هەنگاوانە هەڵنەگیراونەتەوە، بەڵکو تا ئێستاش هەندێ وەزارەتی دوو لەتکراو یەکیان نەگرتۆتەوە، هێشتا هەندێ شوێنی گۆڕەپانی سیاسی پاوانکراون و رێگە بە لایەنەکانی دیکە نادرێ کە بنکەو بارەگای خۆیانی تێدا بکەنەوە.

لەچەند مانگی رابردوودا گەلێک لێدوان دران، تورکیا و هاودەستانی خۆیان گیڤ کردەوە، هێزە عەرەبیەکانی عێراق وبەرەی تورکمانی ژێراوژێر دژ بە کوردستان سەنگەریان گرت، بەڵام ئێمەی کوردستانی هەر بە هاوێرکراوی و پەرتەوازەیی ماوینەتەوە، ئەگەر هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی تورکیا کە هێشتا کۆتا نەبووە بە نموونە وەربگرین، بۆما دەردەکەوێ کە پیلان و سیناریۆیێکی گەلەکۆمەکی لە ئارادایە، دەیانەوێ کوردستانیان بە شەڕێکی دیکەوە گرفتار بکەن، گەرەکیانە کوردستانیان نەبڕژێنە سەر کرۆکی کێشەی راستینی خۆیان و بە کێشەی لاوەکیەوە خەریک بکرێن، بەڵام ئایا سەرۆکایەتی هەرێم و هێزە سیاسیەکان کوردستان بەکام بەرنامەو بە کامە گوتاری نەتەوەیی وەڵامیان دەدەنەوەو خەونەکانیان پوچەڵ دەکەنەوە؟! ئایا هەمدیسان بەدیار ژمارە 140ەوە دادەنیشین و دەمانەوێ بارانی رەحمەت ببارێنێ؟! ئایا کوردستانیان وەکو پێشوو بە بەڵێن و پەیمان و گرەنتی دیترانەوە بێخەم دادەنیشن و بیر لەرێگە چارەی دیکە ناکەنەوە؟! ئەم ئایانەو دەیان ئایەی دیکە کە ئێستا وەڵام نادرێنەوە.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com